کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
17-11-2007 15:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**خەونەکانم... یان خەونی سەرکردەکانمان ... پێوکی بۆتان**

لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا. لە کەنالی کوردستان تیڤی. چەند خوشکو برایەکی گەنج بە ناوی گروپی گەنج و لاو قسەیان دەکردوو، کێشەو گرفتەکانی خۆیان وهاوتەمەنەکانیان باس دەکرد و دەگەران بۆ چمکی زانینو دەرچوون لەو کێشەکۆمەلایەتیە کە هەمووومان دەگرێتەوە، من نامەوێ باسیی ئەو گروپە بکەم چونکە هەموو کۆمەلگاکەمان ئاگاداری کێشەی ئەوانن، تاکوو منداڵانیش ترسی ئەوەیان لێ کەوتوە بە تەمەن گەورەتر نەبن و! بەلکو نەبن بە هەرزەکارو مێردە منداڵو بە گەنج ولاو بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا کارەساتەکانیان زۆرترویپتر نەبێت؟

کەچی برادەرێک گە ورە پییاو لەوە دەچوو جاشێکی نوێی سەر بە وەزیری وەرزش ولاوان بێت بە ناوی ئاسۆ کمال شەفیق کە بەرێوەبەری پرۆژە بێکەلکەکانی وەزیرەکی بێت، لەوەش دەچیت لە هەندەران گەرابێتەوە وەک سەرکردەکەی کە پارەو پاسپۆرتی وڵاتی دەرەوەیان ئامادەیە بۆ هەراکردن کاتێک لێیان تیک بچیت یان جارێکی تر وڵات بەجێ بهێلن.. ئەم پیاوە مەزنە کە بە ناوی وەزارەتەکەیەوە قسەی دەکرد گەنج و لاوی کورد کردە پەرۆیەکی بێ نرخ وبێ سوود، بەلکو لەوە زیتر وەک دکتاتۆرێکی وڵاتە شیوعیەکان قسەی دەکرد کە گەنج هیچ مافێکی نەتەوایەتی وکۆمەلایەتی نەبێت، وە قسەی هەلەق و بەلەقی بە گنجان دەگوت کە ئەوان بێ کەلکن چونکی کار ناکەن، وەک چوۆن خۆیی وجەنابی وەزیرەکەیو بە سەدەها گەنج و لاو کارو ئیشیان خستۆتە بازارەوە بەلام مخابن ئەم گەنجو لاوانە نایکەن. یان دەیگوت گەنجان بە دوای پارەی بەلاش و پیتاک دەگەرێن بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانەیان وەک خۆی و وەزیرەکەی و خەلکانی دەزگاکەیان کە هەر یەکی دوو بۆ سێ یارمەتی لە دەرەوی وڵات ناوەوی وڵات وەردەگرن لەگەڵ دزینی پارەی ئەو پرۆژانەی کە تەنها بە ناو لە وزارەتەکەیان دیارە. لە قسەکانی بە ناوی وەزیرەکەیەوە دەیفەرمو گەنجان وایان لێهاتوە داوای پارەی ژن هێنانیش لە حکومەت دەکەن ئەوەندە بێ کەلکن... من تەنها پرسیارێک لەو برادەرە دەکەم ئەو خۆی چەند بەردی خستۆتە سەر یەکتر بۆ دابینکردنی هەرکاریک کە شایەنی باس بێت، کەی خۆی و وەزیرەکەی رۆژێک لە رۆژان کاریکیان کردوە لە ناوەوەو دەرەوی وڵات بەلکو هەر لەسەر یارمەتی حیزب و حکومەتی هەرێم ژیاون.

ئایا گەنجانی کورد هەر هیچ نەبێت لە کرێکارەکانی بیانیان پێ ناکرێت کە بە هەزارەها بەسەر شەقامەکان دەسورێنەوە پارەی ئەو گەنجانەدەخۆن کە بە ناشەرعیەت ئەو پارانە کەوتۆتە ژێر دەستیی کۆمەلێک لە دزوو جەردەو بەعسیەکۆنەکان بە ناوی حیزبە سیاسەکانی کوردستان. ئێمە خەریکە ئەندامانی پەرلەمانیش رەسوا دەکەیین چونکی هەتا ئێستا زۆربەی زۆریان وەک مەڕ گوێرایەلی سەکردەکانیانن، تەنها پارەیەکی زۆری ئەندامیەتی وەردەگرن و فزەیان نایەت، بەلکو بە درۆ جار جار لە پەرلەمان کۆبونەوە دەکەن بۆ هەلخەلەتاندنی مەللەتی کورد و پرۆژەو قانوون دەرەکەن، کە تەنها لە ناو پەرلەمانکەیان یاسی دەکەن بە ناو؟ کە سەرکردە سیاسیەکان لەدەرەوەی پەرلەمان گالتەیان پێ دەکەن. بەراستی ئەوە کردەوەیەکی یکجار نارەواییە کە ئەم ئەندام پەرلەمانە دەیکەن بەراستی داوەشین یان هەرنەبێ لە مالەوە دانیشن باشترە لەوەی کە هەندێ لە پارە دزراوەکەی میللەت دەخۆن بە ناوی موچەو. کە خۆشیان باش دەزانن هەموو موچەو پارەی بانقەکان کە بە ناوی سەرکردەکان تۆمار کراوە لەدەرەوەو لەناوەوەی وڵات. پارەی ئەو خەلکەو ئەو گەنجانەیە کە ئێستا ناویان دەبەن بە تەمبەل و بێ کەلک واتە بوجیەتی نەوتی عیراق و کوردستانە....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.